# هەڵەبجەیەکی دی و بێدەنگییەکی تر!

**هاوڕێ باخەوان**

ڕۆژی 16ی مارتی ساڵی 1992 لە شاری قامیشلی بووم. ئەوەی لەو ڕۆژەدا لەو شارە و لە هاوزمانانی ئەو شارەم بینی, هەموو مووەکانی لەشمی ڕاستکردەوە و هەرگیز بیرم ناچێتەوە. من و چەند هاوڕێیەکم لەو ڕۆژانەدا لە قامیشلی گیرمانخواردبوو. بەبینینی ئەو هەستە بەرزەی خەڵکی قامیشلی کە هەموویان بە گەورە و بچووکەوە دەمەو نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە بۆ یادی کارەساتی هەڵەبجە هاتنە سەر شۆستەی شەقامەکان, ئەو وەگیرخواردنەی لەبیربردمەوە. لەو ڕۆژەدا  هەموو شتێك لەو شارەدا وەستا و بووە گۆمێکی بێدەنگی خەمگین و و هەست و سۆزی ئەو هاوزمانانەم بۆ ئەو کارەساتە نەتەوەییەمان زۆر دڵخۆشی کردم. چونکە ئەوە یەکەم جارم بوو یادێکی وا مەزن و پڕشکۆی هەڵەبجە ببینم و هەروەها یەکەم جاریشم بوو کە پاڵپشتی هاوزمانانی کوردستانی بندەستی داگیرکەری عەرەبی سووری لەنزیکەوە ببینم.

ئەو ماوەیەی کە لەوێ بەسەرمبرد هەستم کرد خەمی ئەمان سەرکەوتنی کوردی باکوور لەو کاتەدا بەتایبەتی و کوردی باشوورە. هەموو دەیانگووت ئێوە هیوای ئێمەن و ئێمەش پاڵپشتتان. ئەم پاڵپشتەی ئەو هاوزمانانە هەڵبەت بەکردار بوو و "ئەگەر کەمم نەگووتبێت" ئەوا سەدانیان لە جەنگی پارتیزانی لە دژی داگیرکەری تورك و لە ریزەکانی "پکك"ی ئەوسادا گیانیان بەخت کردووە. کە لەناویاندا ژمارەیەکی بەرچاوی کچانی کوردی تێدایە. بەڵام بەداخەوە ئەو دڵسۆزی و خەمخۆرییەی هاوزمانانی کوردستانی بندەستی سووریا هەردەم لەلایەن پارتە گەورەکانی باکوور و باشوورەوە بۆ خزمەتی بەرژەوەندیی پارتییانە بەکارهێنراوە و هەندێکیان تا ئەم کاتەش بۆ بەئاوەڵا هێشتنەوەی دەروازەی داگیرکەری سووری, ناڵێن کوردستانی بندەستی سووریا, بەڵکو دەڵێن "کورد لە سووریا!".

ئێستا 12 ساڵ بەسەر ئەو یادەی ئەواندا بۆ هەڵەبجە تێدەپەڕێت و لەم ڕۆژانەدا خۆیان بوونەتە هەڵەبجە. شار هەر شارێکی کوردییە, دانیشتووانی هەر بە کوردی دەدوێن. دوژمن هەر بەعسە و بەزمانی عەرەبی قسە دەکات. هەڵەبجە لایان بوو بووە حلبجە و قامیشلۆش بووەتە ئەلقامیشلی. هەڵەبجە لەژێر دروشمی عروبەدا کیمیابارانکرا و ئەمیش لەژێر هەمان دروشمدا دەسووتێت, ڕەشبگیر دەکرێت, دەکوژرێت, ماڵ و دوکانی کوردان تاڵان دەکرێت. هەڵەبجە بێکەس بوو و ئەمیش هەر بێکەس و بێپاڵپشتی کۆمەڵی نێودەوڵەتییە, تاکە پاڵپشتی هەڵەبجە خەڵکی کورد خۆی بوو, لێ پاش ئەو هەموو ساڵە و لەم چەرخەی کە پێی دەگووترێت "ئازادی و دیموکراتی و دژە تیرۆر", قامیشلۆ بێکەسە و هەر خەڵکی کورد بەتەنیا پێوەی بیمارە و خەمخۆرییەتی.

ئەمڕۆ 15-03-2004, لە وڵاتێکی وەك هۆڵندا, تەواوی فەرمانگە فەرمییەکانی ئەو وڵاتە بۆ ماوەی 3 خولەك لە 12:00ی نیوەڕۆوە بۆ 12:03, بەبێدەنگی و ماتەمی بۆ قوربانیانی شاری مەدرید وەستان. بەڵام قامیشلۆیان بیرنەبوو. دەیان و سەدان کوژراو و بریندای کوردیان بیرنەبوو, کە لەم ڕۆژانەدا بەبەرچاوی کۆمەڵی نێودەوڵەتییەوە وەك قوربانییانی ئیسپانیا لەلایەن داگیرکەری عەرەبی سوورییەوە تیرۆرکران.

بۆ هەڵەبجە 3 ساڵی خایاند, تاوەکو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەهۆی بەرژەوەندیی جەنگی کەنداوی دووەمەوە ئاوڕێکی بەبەزەیی لێدایەوە و کردییە وێردی سەرزمانی. بەڵام دەبێت کەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئاوڕێك لە

www.kurdistannet.org

ڕووداوەکانی ئەم چەند ڕۆژەی کوردستانی بندەستی سووریا بداتەوە و خنکاندنی منداڵەکانی سینەماکەی ئامودا بە کارێکی تیرۆر بزانێت و پشتێنەی عەرەبی و تەعریب و نەدانی ڕەگەزنامەی سووری و هەموو ئەو کارانەی بەدرێژایی دەیان ساڵ تاوەکو ئەمڕۆ و سبەینێ و پاشەڕۆژی داگیرکەری سووری بە تاوان و تیرۆر بزانێت؟. دەبێت بەرژەوەندیی کۆمەڵی نێودەوڵەتی کەی بگاتە ئەو ڕادەیەی بڵێت دەوڵەتی سووری دەوڵەتێکی تیرۆریستە و پێویستە لەناو ببرێت؟. هەڵبەت ئەو کات کارەساتەکانی قامیشلۆ, دێرك, ترباسپی, ئامودا, سەری کەهنی و ئەفرین و ئەوانی تر ڕۆژانە لەسەر کەناڵەکانیان دەبینین و دەبیستین... بەڵام پاش ئەوەی برینێکی قوڵی تر لە دڵماندا هەڵدەکەنن...

2004-03-15

hawreh@bakhawan.com
http://www.bakhawan.com

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET
کوردستان نێت